خێزانی سابتی کوڕی قەیس داوای خولعی کرد لە مێردەکەی لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە عیدەکەی یەک سووڕی مانگانە بێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «خێزانی سابتی کوڕی قەیس داوای خولعی* کرد لە مێردەکەی لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە عیدەکەی** یەک سووڕی مانگانە بێت». *(خولع: بریتیە لەوەی ئافرەت داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات لە بەرامبەردا نرخێک بە مێردەکەی پێبدات)، **(عیدە: ماوەی چاوەڕوانیکردنی ئافرەت بۆئەوەی جارێکی تر هاوسەرگیری بکات پاش ئەوەی تەڵاقدرا یان گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە -خولعی کرد- یان پیاوەکەی مرد پاش ئەوەی لەگەڵ پیاوەکە جووتبوون -دخول:جیماع- ڕوویدا بوو، ماوەکەی دەگۆڕێت بە پێی حاڵەتەکان)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە پەیوەندی بە باسی خولعەوە هەیە کە ڕوویدا لە نێوان سابتی کوڕی قەیس -ڕەزای خوای لێبێت- وخێزانەکەی، ولەم گێڕانەوەیەدا هاتووە پاش ئەوەی تەڵاقدرا لە لایەن سابتەوە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد عیدەکەی* یەک سووڕی مانگانە بێت، نەک سێ سووڕی مانگانە -حەیز-، وحیکمەت لەمە ئەوەیە کە ئافرەتی تەڵاقدراو سێ سووڕی مانگانەی بۆ دانراوە چونکە لەوەیە مێردەکەی بگەڕێتەوە وپەشیمان بێتەوە لە تەڵاقدانەکەی بۆیە هەڵێکی هەیە لەم ماوە درێژە بۆئەوەی بیگەڕێنێتەوە، بە پێچەوانەی خولعەوە** کە جیابوونەوە لە نێوانیان بە پێی ڕەزامەندی هەردوویانە؛ وهیچ گەڕانەوەیەکی تێدا نییە، بۆیە تەنها یەک سووڕی مانگانە -حەیز- بەسە بۆئەوەی دڵنیا بێت کە منداڵ لە سکیدا نییە، وفەرموودەکە بەڵگەیە بۆ زۆر لە زانایان کە خولع بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری وتەڵاقدان نییە، چونکە تەڵاقدان عیدەکەی سێ سووڕی مانگانەیە. *(عیدە: ماوەی چاوەڕوانیکردنی ئافرەت بۆئەوەی جارێکی تر هاوسەرگیری بکات پاش ئەوەی تەڵاقدرا یان گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە -خولعی کرد- یان پیاوەکەی مرد پاش ئەوەی لەگەڵ پیاوەکە جووتبوون -دخول:جیماع- ڕوویدا بوو، ماوەکەی دەگۆڕێت بە پێی حاڵەتەکان)، **(خولع: بریتیە لەوەی ئافرەت داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات لە بەرامبەردا نرخێک بە مێردەکەی پێبدات)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58134